شیعر

# تریەی پێی یادگارییەکان

سـورخـی

وەکو کۆترێکی سپی بەچکە
کە نەخشی ڕەشی سەر باڵی
لە شێوەی دڵ دەچوو
لەبەر حەز و ڕاڕایی و خەتاباری من
پشیلەیەک پڕی دایە و بردی
دوا وێنەی لە ناو چاوە قاوەییەکانمدا بە جێهێشت
لە تاو گریان و نامورادیم
گوڵەکانی ماڵەکەم بێناز و دڵشکاو ملیان لاربوونەوە
پێڵاوەکانیشم لە سووچێکدا
وەک غەریبێک بەفرێدراوی مابوونەوە
تابلۆی سینگی دیوارەکەش
لاسەنگ و کەچ بوو
سەرینیشم ویستی لە شەقەی باڵ بدات
خۆیم لە ناو ئازارەکان لێ بشارێتەوە

لەو دیوی ڕۆژەوە
لە درزی دیوارێکی بالآوە
لە جریکەی چۆلەکەیەک کە بەدەمی مارێکەوە بوو
بەخەبەر هاتمەوە
ڕۆژگار بە چەقۆیکی دوو دەم
کلک و گوێم ببڕێت
لە ڕۆژێکی وا دا
سەدان ڕیشۆڵە لەبەردەم مزگەوتێکدا
ملیان لێ دەکرێتەوە و خوێنیان دەڕژێتە سەر زەوی جوان
گۆمێکی بچووکی ڕۆخانە بەسە
بۆ نقومبوون و خنکانم
یان
لە تولە مارێکی ساوای ناو بێستاندا بترسم
وێنەی کۆتری سپی سەربال ڕەش
لە ناو چاوە قاوەییەکانمدا
تا هەتایە بمێنێتەوە و هەڵنەفرێت
حەز و ڕاڕایی و خەتاباری منیش
لە مووی سمێڵێ پشیلەیەکدا بئاڵێ

حوزەیرانی ٢٠٠٨ ستۆکهۆڵم